# نوسینی مێژووی کورد لەژێر سێبەری کلیپتوکراتی1 باشوڕ

ئەیوب بارزانی

**دەسەڵاتی دکتاتور و پیسخۆر دەست دەخاتە ناو هەمو قوژبنێکی ژیانی کومەلگا دا. بێجگە لە تالانکردنی وڵات و تێکدانی ڕەوشتی مروف وشکاندنی کەرامەتی هاوڵاتیان وبێدادی، دەست دەخاتە ناو مێژو و دادەرێژی بە گوێرەی هەوەس و بەرژەوەندی خووی، بە شێوەیەك گەل لە تاریکی دەمینی و بیرو رای هەڵە لە بابەت مێژوی خوی لە مێشکی دادەرژێ بە پێچەوانەی راستیەکانی مێژوو.**

**لە ناو گەلانی زیندو ، رەوشەنبیری شیاو ونەترس دژی ئەم هەلویستە وێرانکەرە دەوەستی و زانستیەکەی وراستیەکان دەخێتە بەر دەم گەلی خووی. گەلی زیندو رێز لەو رەوشەنبیرە دەگری و سودمەند دەبی لەو راستیانەی مێژووی و بەها نادا بە قەلەم فروشەکانی دەسەڵات که مێژوو دەنوسن لە سەر بناغەی درو بو دڵخوشی ورازیکردنی دەسەلاتی کلیپتوکرات وپولێ وەرگرتن.**

**زانینی خووم لەسەر مێژوی سالەکانی 1914 تا 1975 هەڵە بوون ، زور لە روداوەکانی مێژو بەو شێوەیە نەبوون کە بە منیان ووتبو یانیش خویندبومەوە لە کتێبەکان ، چی بە کوردی یان بە عەرەبی بەتایبەتی بلاوکراوەکانی (پدك). بەتەواوی بوچونەکەم گورا لە سەر میژوو پاش پێداچونەوەیەکی هێمن و سەربەخو کە هیچ ئامانجەکم نەبو بێجگە لە زانینی راستیەکان ، وردە وردە روداوەکان باشتر بینیم2 بە تایبەتی لە دوایی شەستەکان چاخی رابردو. بەڵام ئەو کاتە زوربەی رەوشەنبیران و گەلەکەمان کەوتبونە جالەکەی پروپاگەندەی دەسەڵاتی حزبی وە کورت بین بوون ، نەیان دەزانی یانیش حەزیان نەدەکرد بزانن ، ئەم دەسەڵاتە ، کە شورش بە رێوە دەبا ، دەسەڵاتێکی دوورە لە ئاستەی رێبەری لە بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلەکەمان . کە ئاشبەتال ڕودا ، كومەلگا توشی تروما بو ، زور کەم بوون ئەوانەی هوشیار بینەوە لە خەون و خەیال و ناسینی جەوهەری دەسەڵاتە کە، ئەوە ێکەکە لە ئەگەرەکان کە هەمان دەسەڵاتی کلیپتوکرات گەرایەوە بو لوتکەی حکومرانی کوردوستان.**

**دەوڵەتی ئیسرائیل کە دامەزراوە لە سەر بناغەی مافی گەرانەوە کە پێش 2000 هزار ساڵ ئیمپراتوریەتی روما گەلی جوێلەکە دەرکرد لە وڵاتی خوویان و پرتو بڵاو کران لە جیهانا، بە گوێرەی "مافی گەرانەوە" بۆ وڵاتی ئاینی و مێژوی خویان دەوڵەتی ئیسرائیلیان دروستکرد لە 1948.**

**شلومو ساند میژوناسی ئیسرائیلی لەم بابەتە دەڵێت : "پێمخوشبو لێکولینەوە بیکەم لە سەر مێژوی زایونیزم وئیسرائیل ، بومن ئاسان بو لە سەر مێژوی ئەورووپا بنوسم. بەڵام کە دەستم پێکرد لە سەر مێژوی جوێلەکە ، چەند کەسانێك پێیان**

ناخوش بۆ لێکولینەوە بیکەم ، وەك شێتیان لێهاتبون ، و منیان تاوانبارکرد کە من هەوڵ دەدەم پەیوەندی لە ناو جوێلەکە وخاکی ئیسرائیل بپجرم، بە هیچ شێوە ئەوە ئامانجی من نەبو. لە کتێبەکەی من ی ێکەم هەولمدا تێبگەم ئەوەی من خویندومە لە قوتابخانە راستە یان نە؟. ئەوەی لەم لێکولینەوە زانیم ، بۆ من وەك شوکبۆ. من وەك هاولیاتیەکی ئیسرائیل و مێژوناس پێش 10 سال لام وابو کە کومەلگای (یەهودا)، رومانەکان کوچبەریان پێکردوە ، کە چی بووم دەرکەوت دەسکاری میتولوجیایە.... دیسان دەرچونی جوێلەکە لە میسر هیچ بناغەی نییە بێجگە لە میتولوجی.. هتد"3

بە پێچەوانەی کوردستانی باشور لە ژێر دەسەڵاتی کلیپتوکراتی هەولێر، لە وڵاتی ئیسرائیل شلومو ساند نەکوژرا ، زیندانی نەکرا ، ونەرڤاندرا وسوکایەتی پێنەکرا لە سەر دەستی باندی سەروچاو پێچراوی دەسەڵات ، ئەم دیاردەیە چەند جار ڕوداوە لە کوردستانی باشور، کتێب بە دڵی ئەندامانی کلیپتوکراتی بنەماڵەیی نەبێ ، کتێبخانەکان ناوێرن بیفروشن، قەدەغە دەکرێن.

سەروك کوماری تونس (منصف المرزوقی) کە دەگمەنە لەناو رەوشەنبیرانی تێکوشەرانی عەرەب لە پاکی ومروڤایەتی داوا دەکا ، پێداچونەوەیەکی زانستی بکرێ لە مێژوی عەرەب پێش و پاش ئاینی ئیسلام ، چونکە بێگومان هەڵەی زوری کەوتوتە ناو مێژوی عەرەب.

1کلیپتوکرات: بە دەستەڵاتێکی پیسخۆر دەوترێت.

2- بارزان وحرکه الوعی القومی الکردی.. سالی چاپ 1980

- المقاومه الکردیه للاحتلال 1914 – 1958 .. سالی چاپ 2002

-. الحرکه التحرریه الکردیه وصراع القوی الاقلیمیه والدولیه 1958 – 1975 .. .. سالی چاپ . چاپی سێیەم 2013.

3.COMMENT LE PEUPLE JUIF FUT INVENTE. Shlomo Sand. Fayard 2008.
COMMENT LA TERRE D’ISRAEL FUT INVENTEE. Shlomo Sand . Flammarion 2012.